# رەقیبی مۆبایلەکان بە سەوت فاریجی

عومەر گەڵبی

هەلەو.....فەرموو...)مەرەگیان من پورە مریەمتم ئەڵێم بیستومە شوێنێك هەیە دیفاع لە کرێچی ئەکا نازانی لە کوێیە؟(

))بەڵێ پورێ گیان ئەوە کۆمەڵەی داکۆکی کردن لە کرێنشینانی پێ ئەڵێن بیناکەی لە پشت فەرمانگەی تەندروستیەوەیە بۆچیتە؟؟(( وەڵا ئەڵێم بچم بەڵکو دووکەسم بەنێ بێن بچن چوار شەقی مزر لەم حاجی فەتاحە ناموبارەکە هەڵەن بەراست حەیشی پێتاڵ کردوین رۆژی چوار جار دێتە سەرمان ئەڵێ ژن بۆ کورەکەم ئەهێنم بۆم چوڵ کەن))ئینجا پورێ گیان خۆ ئەمە شەڕە گەرەك نیە ئەوان بەوجۆرە دیفاع ناکەن(( )ئەی مەرە گیان بیلا مانێ چۆن ئەیکەن؟())بە قسەو لێك تێگەیشتن((دە وەڵا هیچ سەریشم یشانی بەخوا دنیا هەڵسێ ئەو کەوڵە کۆنە قسە هەر قسەی خۆیەتی خوا حافیز مەرەگیان سەلام لە دایکت ئەکەم...داخرایەوە

.....دکتۆر گیان بایەکەم پەیوەندی وەرگرین...باشە.... فەرموو کێمان لەگەڵە؟؟؟)زۆر زۆر دەستخۆشی ئەو بەرنامە جوانەت لێئەکەم )...خان(زۆر سوپاس و بەخێرهاتنی کاك دکتۆریش ئەکەم ,من ئەسمەرم لە سەید سادقەوە,تەنها دوو سوئالم لە کاك دکتۆر هەیە(بەڵێ فەرموو...) یەکەم ئەڵێم ئایا گورچیلەی ژن بۆ پیاو ئەبێت؟؟؟(دکتۆر:بەڵێ ئەی بۆ نابێ خۆ سوخمەی هین نیەبەڵام بەمەرجێ ئەوەی گورچیلەکە ئەبەخشێت لەگەڵ ئەوەی کە ئەیدرێتێ هەردووکیان کۆبۆنی خۆراکەکەیان لای یەك وەکیل بێت.)دووهەم ئەوەیە من کاتی خۆی گورچیلەیەکم داوەتە خوشکێکم ئێستەش برایەکم داوای گورچیلەم لێ ئەکا,ئەگەر دانەیەکیش بەم بەو تەئسیر ناکاتە سەر تەندروستیم؟(نەخێر هیچ تەئسیرێکی نیە بەمەرجێ دوو گورچیلەی باش بۆخۆت بمێنێتەوە.وە دوای ئەوە بۆت نیە بەهیچ نەوعێ گورچیلە ببخەشیت خوای ئەکرد باوکی رەحمەتیت لە قەبر زیندوو ئەبوەوەو موحتاجی لەتێ گورچیلە ئەبوو)باشە دکتۆر گیان زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەو ئامۆژگاریە جوانەت(

هەلەو ...هەلەو ..ئا..دایەگیان چۆنی من کاروانم ) کارەگیان چۆنی چاکی شکور؟(دایەگیان من لەسەر جادەوە قسە ئەکەم دوایی بەدرێژی قسە ئەکەین,ئەڵێم خۆم رووم نایە بەڵکو تۆ بە ئامانجی برام بڵێیت شتێك پارەم بۆ بنێرێ ئەمەوێ پێش ئەوەی بگەرێمەوە بۆ کوردستان لێرە کلیپێك دەربکەم لەگەڵ خۆم بیهێنمەوە)ئینجا کارە گیان کوا حەوشەو ماڵی ئێمە بە عەمەلی ئەوە یەت بەخوا ئامانجیش ئەو تەکسیە جوانە کۆڵێ پارەی پێیاوە هەر لەبەر دەرگا رای ئەگرێ( دایەگیان تۆ ئەزانی کلیپ چییە؟)ئەی بۆ نازانم کورم خۆ کەرو گا نین( دەباشە دایەگیان قەیناکە خۆم دوایی قسە لەگەڵ کاکە ئامانج ئەکەم جارێ خواحافیز.

هەلەو....بەڵێ فەرموو..)کاك ئەورەحمان چۆنی؟( سوپاست ئەکەم کاك کەریم)ئەڵێم هەرچەندە جوانیش نیە بەڵام حەز ئەکەم بزانم دەنگت بەکێ داوە؟(وەڵا بە کەس چونکێکم ئەوە ماوەی چوار ساڵە ئەو سێ خزمەت کارەی تۆ هەریەکەیان چونەتە حیزبێکەوە بە هومێتی ئەوەی بچنە پەرلەمانەوە کەچی لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا هەرسێکیان فت بەتایبەت لەمەی دواییدا وەعدیشیان پێدرابووبەخوا شەش مانگ زیاتر مامۆستای عەرەبی دەرسی پێئەوتن)گوێی مەیەرێ ئیشەڵا بۆ جارێکی تر هەندێ قسە هەیە بە مۆبایل ناکرێ ئیشەڵا دێمە خزمەتت باسی لێوە ئەکەین(کەی هاتی بەخێر بێیت )دەباشە جارێ خوا حافیز(

دکتۆر گیان پەیوەندیەکی کەمان لەگەڵە ....فەرموو کێمان لەگەڵە؟؟؟)پێشەکی دەستخۆشی ئەو بەرنامە جوانەت لێئەکەم بەخێرهاتنی کاکی دکتۆریش ئەکەم...من حسێن مەلا عومەر لەکەڵەوانەوەتەنها یەك ئامۆژگاریم لەجەنابی دکتۆر ئەوێت جەنابیان باسی لەوەکرد ئەبێت ماوەی بەینی خۆت وئەوکەسەی گومانی نەخۆشیە دوابڕاوەکەی لێئەکەیت لە مەترێك کەمتر نەبێت جا من ماوەی دووهەفتە زیاترە کچێکی برازام لەوڵاتی مەکسیکەوە هاتۆتەوە تا ئێستا نەموێراوە سەردانی بکەم ئێستا بڕیارم داوە سەردانی بکەم لەهەمان کاتا بەجوانی نازانم مەترەو فیتەو شتی وت لەگەڵ خۆما بەرم .چیبکەم باشە؟؟؟(

دکتۆر:زۆر ئاساییە دارێکی باریك بەقیاسی مەترێك لەگەڵ خۆت بەرە ئەوەندەش گەورەو ئەستوور نەبێ وابزانن بۆ شەڕە گەرەك چویت,هەر کەچوتە ئەوێ سەرێکی بنێ بە ورگی خۆتەوە سەرەکەی تریشی لەورگی برازاکەت گیرکە ئەگەر زانیت ئەو بۆدواوە ئەچێت تۆ بەرەو پێش بچۆ , ئەگەر ئەویش بەرەو پێش هات تۆ بۆوەرە دواوە وەکو تاڵە دەزووەکەی مەعاوییەی رحمەتی...)زۆر زۆر سوپاس بۆ هەموتان بۆ ئەو ئامۆژگارە گرنگەی دکتۆریش(.